www.kurdistannet.org
23-2-2006 12:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئیسلامی سیاسی وسەماکردن بە دوری دیموکراتیەتەدا... نووسینی:گراهام فۆلەر وەرگێرانی: فەرهاد محەمەد ... (بەشی سێەم و کۆتایی)

### هەمەجۆری پارتە ئیسلامییەکان

سەرکوتکاری دەولەت لە ماوەی یەکەکانی ڕابردوودا لەسەر پارت و بزاڤە ئیسلامییەکان، بەرەو هەستێکی وای بردوون کە لە یەکتری نزیك ببنەوە و یەکبگرن و دووركەونەوە لە ڕەخنە لەیەکگرتن، بەلاَم ئەم واقیعە پاش ئەوەی پارتە ئیسلامییەکان بوونە پارتی جیاواز و هەمەڕەنگ گۆڕانکاری بەسەرداهاتووەو، بوَتە هۆی ئەوەی کە موناقەشەی فراوان و توند لە نێوانیاندا ڕوویدات.

هەندێك لە پارتە ئیسلامییەکان خۆیان خستۆتە سەروو ڕەخنەوەو بیروبۆچونەکانیان بە ناوی خوا و پێغەمبەر (د . خ) گرێدەدەنەوە، ئەم بۆچوونەش لە لایەن سکۆلاریزمەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە و بە دیاردەیەکی ترسناك لە قەڵەم دەدرێن و دەپرسن چۆن دەبێت حزبێك وەك (حزبولڵا) ناوی خوا هەڵبگرێت، کە ئەم ناوەشی لە خۆی نا، واتە دەکەوێتە سەروو سیاسەت و ڕەخنەوە، یان چۆن دەبی پارتێکی سیاسی بە ناوی خواوە قسە بکات؟

وێڕای ئەمانەش، کەچی ئەمڕۆ دەبینن ئەو پارتە ئیسلامیانەی بەناوی خواوە قسەدەکەن، تەنیا یەك پارتی ئیسلامی سیاسی نییە، بەڵکو زۆربەی پارتە ئیسلامییەکان بە ناوی خواوە قسە دەکەن وەك (جەیشی موحەمەد) ، (جندولڵا) ، (ئەنساری ئیسلام) و دەیان و سەدانی دیکەی هاوشێوەی ئەم گروپانە.

ئەم ناوانەش بۆ ئەوە بەکار دەهێنن، بۆ ئەوەی بە ڕێگەی ئایین کاریگەرییان لەسەر خەڵك هەبێت، بەلاَم هیچ کام لەم پارتە سیاسییە ئیسلامیانە نەیانتوانییوە بە ڕێکوپێکی دەسەلاَتێك پێشانی خەڵك بدەن، تەنانەت ئەگەر لەسەرئاستی سیاسەت و بازرگانی و هێزی چەکداریش بیانەوی وای پیشان بدەن، بەلاَم ئەم پارت و بزاڤە نالێبوردە و ڕادیکالاَنە ناتوانن نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام بکەن، یاخود جیاوازییەکی بەرفراوان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، لە کاتێکدا گوێ لە وتووێژە سیاسییەکانی ئەم پارتە سیاسیانە رادەگرین، دەبینین چۆن ئایینەکە بۆ مەبەستی سیاسی بەکار دەهێنن، هەر بۆیە بە شێوەیەکی گشتی جەماوەری پارتە ئیسلامییەکان لە نێوان دوو لایەندا دابەش بوون:

وەهابییەکان (تەوحید یان سەلەفی) لە عەرەبستانی سعودی و هەروەها ئیخوان موسلیمینەکان، وەهابییەکانیش لە بەر توندڕۆیی نالێبوردەییان بونەتە مەزهەبی ئەوانەی کە ڕێکخراوی قاعیدە بەرێوە دەبەن.

دیارە وتووێژ و دابەش بوونی پارتە ئیسلامییەکان تەنیا لە نێوان پارت و بزاڤە ئیسلامییەکانی ولاَتانی ئیسلامدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەم دابەشبوونە پارتە ئیسلامییەکانی ناو یەك دەوڵەتیشی گرتۆتەوە، وەك پارتە ئیسلامییەکانای میسر، جەزائیر، ئەردەن، کوێت، لوبنان، مەغریب، سودان و یەمەن،.

بەلاَم بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر ئیخوان موسلیمینەکان لە میسر وەك حزبێکی ناوەند (حیزبی وەسەت) دەرکەوتوون و، بانگێشەی نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان بۆ ڕیزی پارتەکەیان دەکەن و، داوا دەکەن ڕێز لە بەهاکانی کەمینە قبتیەکان بگیرێت و دابونەریتی خۆیان ئازادانە پیادە بکەن، لەم چوارچێوەیەدا خیتابی کۆنی ئیخوان موسلیمینەکان بەوشیوەیەبوو کە بە شێوەیەکی ئینتیهازیانە هاریکاری دەسەلاَتی میسریان

بكەن، بۆ ئەوەی بتوانن پێگەیەكی یاساییان لە ولآتدا هەبێ، لەسەر ئەم هەڵوێستەش هەموو پارتە سیاسیەكان پێشوازییان لێكردن، ئیخوانەكان پێیان وابوو بۆ ئەوەی بیری ئیسلام پێشبكەوێت پێویستە وتوێژ لەسەر هەموو لایەنەكانی ئیسلام بكرێت، جەختیان دەكردەوە بەم شێوەیەش ئیسلام لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە تێكەڵ دەبێت و دەتوانێت بەشێوەیەكی پراگماتیكانە مامەڵە لەگەڵ بپرسە جیهانییەكان بكات.

## گەمەی سیاسی

بەرەوپێشچوونێكی دیكەی لایەنە ئیسلامییەكان كە پێدەچی بۆ ئایندە باش بێ، تێكەڵاوبوونیانە بە شێوەیەكی یاسایی بۆ ناو سیستەمی سیاسی و گێرانی ڕۆڵی خۆیانە بە شێوەیەكی سیاسی، لەم بوارەشدا ئەوەیان سەلماندووە كە دەتوانن بە شێوەیەكی زۆر چالاكانە لەگەڵ لایەنەكانی دیكەدا بە بی لەبەر چاوگرتنی بیروباوەڕ هاوپەیمانی بكەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئامانجە هاوبەشە كورت مەوداكانیان بە شێوەیەكی موحافیزەكەرانە بەدەست بهێنن.

*لە كوێت، ئیخوان موسلیمین و سەلەفییەكان ركابەری یەكترین، بەڵام زۆرجاریش بەدیدێكی موحافیزكەرانە لەسەر چەندین مەسەلەی كۆمەڵایەتی یەكدەگرنەوە، وەك خوێندن بۆ نێر و می، هەروەها مەسەلە ئاكارییەكانی دیكەی كۆمەڵ.

*لە ئەردەن لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆری فەلەستینییەكان لەو ولآتەن، ئیخوان موسلیمینەكان توانیویانە بۆ داكۆكی كردن لە مافی فەلەستینەكان لە ناو ئیسرائیلدا، ڕۆڵێكی یەكجار گەورە بگێڕن.

* ئیخوانەكان وەك ڕێكخراوێك، توندو تیژی سیاسی پیادە ناكەن، بەمەش لەسەرجەم دەوڵەتانی عەرەبیدا خەتی سیاسی خۆیان ئاشكرا كردووە و خۆیان لە كاری تیرۆریستی ئەلقاعیدە جیابكەنەوەو سەركۆنەشی دەكەن و، دەخوازن ئەم كارە تیرۆریانە لەگەڵ خەباتی گەلی فەلەستین جیا بكرێتەوە.

لەم حاڵەتەشدا وەك شێوازی تاكتیكانە،دەخوازن ئەردەن وەك دەوڵەت بخەنە ڕیزی ڕووبەڕووبونەوەی پێشەوە لەگەڵ ئیسرائیل، هەر بۆیە ئیخوان موسلیمینەكان داڵدەی چەكدارە تیرۆریستەكانی حەماس دەدەن، بەمەش هانیان دەدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ بزاڤە سكۆلاریزمەكانی فەڵەستین دژی ئیسرائیل بجەنگن.

* ئیسلامییەكان گەمەی سیاسیان لە ڕوانگەی ئەو بیروبۆچوونەوە درێژ پێدەدەن كە هەرگیز نەگەنە ئازادی، هەر بۆ نموونە لە میسرو كوێت، زۆر جار ئیسلامییەكان داوا لە حكومەت دەكەن كە بە بیانووی كفر و ئیلحادەوە كتێبێكی تایبەتی،بیرمەندێكی لیبراڵی دەستگیر بكەن.

ئەم ڕۆڵەیَ ئیسلامییەكان لەم بوارەدا راڤەی دەكەن دەبێتە هۆی دروست بوونی بارودۆخێكی نەخوازراو وتووێژ لەسەر ئیسلامییەكان دروست بێت، لە زۆربەی حاڵەتەكانیشدا ئیسلامییەكانیش وەك هەر پارتێكی سیاسی دیكە، هەوڵدەدەن بە ناوی بەگریكردن لە ئیسلام زۆر بە جدی دەوڵەت لە لاوازی بكەن.

* پارتەئیسلامیەكان داوا دەكەن یاساكانی دەوڵەت زۆر موحافیزكارانە بێت بە جۆرێك لەگەڵ یاسای ئیسلامیدا بگونجێت، یان یەكبگرێتەوە، ئەمەش وەك ڕێگایەك بۆ گوشار خستنە سەر دەوڵەت بەكاری دەهێنن، ئەم تاكتیكەش لە زۆربەی پرۆسە دیموكراسییەكاندا، بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لە سەركردە سیاسییەكان بریار لەسەر دۆسیێ توندوتیژی بدەن،

ئەم تاكتیكەش بۆ ئیحراجكردنی حكومەت بووە، بۆ ئەوەی پیشانی خەڵكی بدەن كارو بەرنامەی حكومەت واقیعی نییە.

بە بۆچوونی منیش لەگەڵ ئیسلامییەكاندا هەندێك فاكتەری دەبینین كە بە گەشبینییەكی نیگەرانییەوە سەیری ئایندەی وڵاتانی عەرەب دەكەین. لەو فاكتەرانەش:

1- تێگەیشتنێكی بەرفراوان لە گرنگی دیموكراتییەت بۆ ئەوەی لەم حاڵەتدا ئیسلامییەكان بتوانن لە حكومەتێكی ئیئتلافیدا بەشداری بكەن.

2- خوازیاری زۆربەی پارتە ئیسلامییە سیاسییەكان بۆ كاركردن بە شێوەیەكی پراگماتیانە لەگەڵ ئایدۆلۆژییە جیاوازەكان، بەبێ ئەوە بەو بۆچوونە تەسكبینەی خۆیانەوە پابەندبن.

- پارتە ئیسلامییەكان ڕووبەڕووی واقیعی سیاسی و هەقیقەتی كۆمەڵایەتی دەربارەی ئەو دروشمەی كە دەڵێت (ئیسلام وەڵامە) دەبنەوە، بۆ ئەمەش ئەگەر لە گۆڕەپانی سیاسیدا سەركەوتنیان بەدەستهێنا پێویستییان بە هۆشیارییەكی زیاتر دەبێ، بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی گرفتە ئاڵۆزەكان بدەنەوە.
- فراوانكردنی موناقەشەی ئایدۆلۆژی لە نێو خودی ئیسلامییەكاندا، ئەمەش بواری ئەوە دەڕەخسێنێت كە بیرمەند و ڕۆشنبیری گەورە لەو بارودۆخەدا پەیدا بن.
- ئاماژەكردن بۆ گەشەسەندنی پراگماتیزم و ڕیالیزم لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەكاندا.
- سروشتی ناتوندوتیژی بۆ زۆربەی زۆری ئەو پارتە ئیسلامییانە.
- لەوانەیە لەدەیەی داهاتوودا زۆربەی موناقەشە سیاسییەكان لە جیهانی عەرەبدا بەفراوانی لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی پارتە ئیسلامییە سیاسییەكاندا بێت، بە واتایەكی دیكە دەڵێن وتو وێژی سەرەكی لەسەرەتادایە، ئەگەر موناقەشەی سیاسی مەغزایەكی هەبێت دەبێ بە شێوەیەكی سەرەكی لەسەر ئیسلام بێت، ئەمەش بەو مانایە دێ ئەگەر فاكتەری ئیسلامی لە سیاسەتی عەرەبیدا لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوا وتووێژەكە دەبێتە تاكلایەنەو ناواقیعی و بە پەراوێزكردنی هێزێكی گەورەی سیاسی.

## فاكتەری نێودەوڵەتی لە سیاسەتی ئیسلامییەكاندا

ئەگەر جیهانی عەرەبی بە گۆشەگیری بمێنێتەوە، ئەوا ئەو فاكتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێكردن، دەبێتە فاكتەری سەرەكی لە دارشتنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەدا.

پێداچوونەوەی ئەم ئاراستەیەش زەمینەیەكی گەشبینی بۆ هێزێكی گەورەی ئیسلامی لە ناو وڵاتانی عەرەبدا بەرەو دیموكراتیزەكردن دەڕەخسێنێت، بەڵام وڵاتانی عەرەب بە گۆشەگیری كاری خۆیان ناكەن، بەڵكو ئێستا لەگەڵ بارودۆخێكی نێودەوڵەتی زۆر سلبی، هاوشان لەگەڵ تەنگژەیەكی گەورە مامەڵە دەكەن كە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خۆیەوە نەبینیوە.

كارەساتی 11ی سێپتێمبەری لە سەردەمی جۆرج بوشدا وەرچەرخانێكی سیاسی بەسەر هات و شەڕی دژە تیرۆر بووە مەسەلەی سەرەكی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكادا.

ئەم ئامانجەش كە ڕیشە هەڵكێشانی تیرۆرە، بە شێوەیەكی زۆر فراوان لە لایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە جەخت لەسەر وڵاتانی ئیسلامی دەكاتەوە، كە زۆربەی ڕێكخراوە تیرۆریستەكانیان لە خۆ گرتووە.

لەم چوار چێوەیەشدا، شەڕی دژ بە تالّیبان و داگیرکردنی عێراق و گۆڕینی سەدام حوسێن و بڵاوکردنەوەی هێزی ئەمەریکا لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا و لە ئامێزگرتنی سەرکوتکاران وەك هاوپەیمانێك لە شەڕی دژە تیرۆردا و،
لە بەرەیەکهەڵوەشانی بارودۆخی فەڵەستین و پشتگیری و مامەڵەی نزیکی ئەمەریکا لە گەڵ پارتی لیکود کە سیاسەتێکی توندڕەوانەی بەرامبەر بە فەڵەستینەکان هەیە، بۆتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی سەرتاسەری ئەنتی ئەمەریکا لە وڵاتانی عەرەب گەشە بکات، بە جۆرێك هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، ئەم هەستەش لە لایەن کەناڵە ئاسمانییەکانەوە ڕەنگدانەوەی هەیە، وکاریگەریەکی زۆری لە جیهانی عەرەبیشدا هەیە، هەتا کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەنتی ئەمریکا بۆتە بۆچوونی لاوەکانی عەرەب.
لە هەمانکاتدا، ڕژێمە عەرەبییەکانیش، لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و، لە لایەن هاوڵاتیانی خۆیەوە زۆر لە پێشان زیاتر کەوتوونەتە ژێر گوشارێکی گەورە.
ئەمە لە کاتێکدا بۆشایی سیاسی نێوان دەسەڵاتدارو هاووڵاتییان، پێشتر زۆر فراوان نەبوو، بەڵام ئێستا ڕای گشتی وەك دیکتاتۆر سەیری ڕژێمە عەرەبییەکان دەکات،
ئەم حاڵەتەش پێویستی بە دەزگایەکی ئاسایشی توند هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت پێگەی ڕژێمەکان لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە، ئەوانیش (ڕژێمەکان) کە دەستەوەستانن لە گۆڕانکاری نێو واقیعی عەرەبی، هێندەی دیکە خۆیان پەیوەست کردووە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن، زۆر زیاتر لە هاوپەیمانە دیموکراسییەکانی دیکەی ئەمەریکا وەك تورکیا و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.
بێجگە لەچەند دەوڵەتێك وەك ئیمارات و قەتەر تارڕادەیەك مەغریبیش، هەموو وڵاتانی دیکەی عەرەبی زۆر بەگەرمی لە لایەن هاوڵاتیانی خۆیەوە پشتگیری گۆڕانکاری ڕژێمەکانیان لێدەکرێت، لەم حاڵەتەشدا ئیسلامییەکان دەبنە پێشڕەوی ئۆپۆزسیۆن و پشتگیرییەکی گەورەی جەماوەریشیان لێدەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا جەماوەریش کەڵك لە ڕەفتارە ئینتیهازییەکانی ئیسلامییەکانی بۆ بەدیار دەکەوێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئیسلامییەکان دەبنە فاکتەری سەرەکی دژ بە ئیمپریالیزم و گۆڕینی ڕژێمەکان.
ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی زۆر سەرەکی وا هەست دەکەن دەکەونە ژێر گەمارۆی ڕۆژئاوا، بەڵام ئەگەر مێژووی ئەمەریکا بخوێننەوە،دەبینین هەر چییەکی کردبێت کاردنەوەی بەرگر لە خۆکردنی بووە، بەڵام ئیسلامییەکان وا هەست دەکەن کە ئایین و کولتوریان لەبەردەم هەڕەشەی هێرشی ڕۆژئاوادایە.
هەروەها هەست دەکەن لە ژێر هەڕەشەی جیاکاری ڕۆژئاوادان، ئەمە لە کاتێکدا هەموو ڕۆشنبیریکیش لە ڕۆژئاوا هەست دەکات لە ژێر هەڕەشەی ئیسلامیدایە.
سەرەنجامیش ئیسلامییەکان کاتێك سەر کۆنەی ئایینەکەیان دەکرێت. ڕۆژئاوا وەك بەشێك لە گرفتەکە سەیر دەکەن، بۆیە ئیسلامییەکان هەست بە نامۆ بوون دەکەن، بەڵام ئیسلام وەك سەرچاوەی هێز سەیر دەکەن و، هاریکاری یەکتری دەکەن و پێیان وایە سۆزی ئیسلامەتی ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی دیکە زیاترە.
عەرەبەکان هەمان بۆچوونیان بەرامبەر ئایدیۆلۆژەکانی دیکە هەیە وەك قەومییەی عەرەبی، چەپە بچکۆڵەکان، دەستە بژێری مارکسی، یاخود لیبرالیزمە ڕۆژئاواییەکان، هەموویان گوتاری خۆیان بە ئاراستەی ئەوەیە داگیرکاری بیانی ڕەتبکەنەوە، لەسەر هەر سی ئاستی ڕۆشنبیری، سیاسی، سەربازی، خەتی نێوان قەومییەکان و ئیسلامییەکان زۆر

لێك نزيكە، تەنانەت عەرەبە ناموسڵمانەكانيش بەگشتی هەست بەوە دەكەن كە ئيسلامی واتە ئاراستەيەكی قەومی.

## مەزەندەكان

بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەو گوشارە نێودەوڵەتييە گەورەيە و ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانيەت، بارودۆخی بەرەوپێشەوەچوون ئيسلامی ميانڕۆ لەو پەڕی خراپيدايە.
هەڵوێستی دژە ئيمپرياليزم و دژە ڕژێمە عەرەبييەكان بۆتە هاندەری هەموو خەڵك بەگشتی و لەو پەڕی ڕاديكاڵيدايە و، جەمسەرگری بۆ توندوتيژی دژ بە ئەمەريكا و ڕۆژئاوا.
بارودۆخی ئێستا زۆر هەستيارە، ئەگەر قبوڵيش نەكرێت. لانی كەم چەمكی بەرگريكردن لەوڵاتانی ئيسلام لە ئاستێكی بەرز دايە، ڕاديكاليزم لەسەر ئاستی ئايينی و عەلمانی تێكەڵ بە يەكدی بوون.
لە باری واقيعدا، قەت ئەوە ڕاست نييە بەو شێوەيە بيربكەينەوە كە خاڵی پێگەيشتن لە مێژووی عەرەبدا گەيشتۆتە ئاستی لێبوردەيی و كرانەوەی گەورە بە ڕووی ڕۆژئاوادا.
سيستەمە سياسييە ميانڕۆكان، بايەخ بە دامەزراوەی سياسی و مۆدێرنەكانی ڕۆژئاوا دەدەن، لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێمە ناوخۆييەكانيشدا، ئايديۆلۆژيەتە ڕاديكاڵەكان بە شێوەی ميانڕۆ و ليبرال خۆيان دەخەنە ڕوو، بە تايبەتيش لە ڕژێمە ئيسلامييەكاندا.
لەم بارودۆخەدا دەستنيشانكردنی ئيسلامی سياسی، بۆ هەموو سياسەتە ميانڕۆكان و دەنگە ميانڕۆكان، ئيسلامی و غەيرە ئيسلامی شتێكی باش نييە، ئێمە وا مەزەندە دەكەين پێش ئەمە دوو مەسەلەی گرنگ ڕووبدەن و ئاراستەيەكی دوور مەودای ميانڕۆ لە نێوان ئيسلامی سياسی و دەوڵەتانی عەرەبی دەربكەوێت.
پاش ڕووخانی ڕژێمەكانی ئێستا، لەوانەيە پرۆسەی سياسی بەرەو كرانەوە بچێت، لەم بارودۆخەشدا هەلێكی لەبار دێتە پێشەوە بۆ دەركەوتنی ديموكراتی، بەڵام ئەم مەسەلەيەش بە تەنيا بەس نييە، لەبەر ئەوەی بيروبۆچوونی نەوەی نوێی دەوڵەتانی عەرەب دژی ئەمەريكەيە، بۆيە پێويستە سەرچاوەی توندوتيژی ئەم ڕاستڕەوانەی ليكود و ڕاديكاڵەكانيش كەمبێتەوە، و چارەسەرێكی عاديلانە بۆ كێشەی فەلەستين و جياكاری دژی ئيسلام بدۆزرێتەوە، بەڵام بە داخەوە ئاگاداركردنەوەی تازەی جيهان دژ بە تيرۆريزمی ئيسلامييە.
هەتا ئەمانە ڕوو دەدەن، ناوچەكە بە توندڕۆيی و بەبی دەروازەيەكی سياسی دەمێنێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی پارتە ئيسلامييەكانيش لەكاری تيرۆر دژ بە ئەمەريكاو ڕژێمَەكانيان بەردەوام دەبن، هەر بۆيە بارو دۆخەكە لەبەردەم ئەگەرێكی خراپ دايەو هيچ گەشبينييەكی لەبەردەمدانييە بۆ ئەوەی ئاراستەيەكی ميانڕۆ لە دەوڵەتانی عەرەبيدا گەشە بكات.